# ئەگەر تەنها ناوی خودای بهێنایە؛ ئەوا بەشی هەمووتانی دەکرد

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- خواردنی دەخوارد لە نێو شەش لە هاوەڵانیدا، وپیاوێکی ئەعرابی هات، وبە دوو پاروو (هەموو خواردنەکەی) خوارد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەگەر تەنها ناوی خودای بهێنایە (بیوتیایە: بسم الله -لە پێش خواردن یان لە کاتی خواردن-)؛ ئەوا بەشی هەمووتانی دەکرد».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموزی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- خواردنی دەخوارد لەگەڵ شەش لە هاوەڵانی، لەو کاتەدا پیاوێکی ئەعرابی هات و لەگەڵیان دەستی کرد بە خواردن، وهەموو ئەو خواردنەی مابوو بە دوو پاروو -تیکە- خواردی، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئەگەر تەنها ناوی خودای بهێنایە (بیوتیایە: بسم الله -لە پێش خواردن یان لە کاتی خواردن-)؛ ئەوا بەشی هەمووتانی دەکرد، بەڵام ناوی خودای نەهێنا بۆیە ئەو خواردنەی مابوو هەمووی بە دوو تیکە خوارد وبەشی نەکرد، وئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەگەر ناوی خودا نەووترێت لە سەرەتای خواردندا یان لە کاتی خواردندا ئەوا بەرەکەت لەو خواردنە هەڵدەگیرێت ونامێنێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4209